## پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان

**ماددەی یەك:**

ناوی یاساکە: یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان.

**ماددەی دوو:**

1 ـ توندوتیژی خێزانی بریتیە لە ئەنجامدانی هەر رەفتارو کردەوەیەکی توندوتیژی، یان هەرەشەکردن بە ئەنجامدانی، دژ بە ژنو منداڵ، لە سەر بنەمای رەگەز، لە ئاستی ژیانی تایبەتی، لە نێو خێزانو دەرەوەدا بکرێتو، لە ئاکامیدا زیانی دەروونی وجەستەیی وجنسی، لیَ بێتە کایەوەو، مافو ئازادییەکانیان، زەوت بکات.

2 ـ هەر کردەوەیەکی توندوتیژی دژ بە پیاو لە خێزاندا بە پێی یاسای سزادانی عێراق ژمارە 111ی ساڵی 1969، مامەڵی لەگەڵدا دەکرێت.

3 ـ ئەم رووداوانەی خوارەوە وەك نموونە بە توندوتیژی خێزانی دەژمێردرێن:

اـ بەزۆر کچ بەشوودان، بە منالًی بەشوودان، مارەبرینی سەر بێشکە ، ژن بە ژن، ژن لەجیاتی خوێن.

ب ـ سوکایەتی پێکردن وجنێودان بە ژن وکەسوکاری، تف لێکردن، بەکەم تەماشاکردن، ئازاردان، هەرەشە لێکردنو فشاری دەرونی، بەزۆر جووتبوون لە گەڵیداو، زەوتکردنی مافەکان.

ج – لێدانی منداڵو ژن بە ناوی تەمێکردن.

د – خەتەنەکردنی مێینە.

**ماددەی سێ:**

1 ـ دادگایەکی تایبەتمەند لە ئاستی دەسەلآتی دادگای (جنح) بە ناوی "دادگای تایبەتمەند بە مەسەلەکانی توندوتیژی خێزانی" بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، لە ناوەندی هەر پارێزگایەکدا، لەلایەن وەزارەتی دادەوە، دروست دەکرێت.

2 ـ ئەو دعوانەی کە پەیوەندی بە توندوتیژی خێزانییەوە هەیەو لە ئاستی دەسەلاتی دادگای جنایاتە، رەوانەی دادگای جنیات دەکرێت.

**ماددەی چوار:**

ئەم کەسانەی خوارەوە مافی داوا (سکالآ) تۆمارکردنیان لە لای بۆلیس، یان داواکاری گشتی یاخود لە بەردەم دادگادا هەیە:

1 ـ هەرکەسێك دووچاری هەر شێوازێکی توندوتیژی خێزانی بێتەوە، یاخود بە بەرچاوی ئەوەوە کاری توندوتیژی ئەنجام بدرێت، یان یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکە بێت، یان دراوسێو، هاوکار بێت، ئاگای لە حاڵەتی ئەنجامدانی کاری توندوتیژییەوە بێت.

2 ـ داواکاری گشتی وجێگرەکانیو، ئەوانەی لەبواری تەندروستی، پەروەردە، یان ئەو کەسانەی لە ناوەندە فەرمییەکانی یارمەتی قوربانیانی توندوتیژی کاردەکەنو، ئاگاداری حاڵەتەکانی توندوتیژی دەبن.

**ماددەی پێنج:**

دەبێ بە پەلەو دەسبەجێ دەزگای پۆلیس بە دەم داواکاریەکان بچێتو، هەوڵی پاراستنی قوربانییەکە بداتو، روو بکاتە شوێنی رووداوەکە لەم کاتانەدا:

1ـ ئەگەر توندوتیژی خەریك بێت روودات.

2 ـ ئەگەر توندوتیژی روویدابێت.

**ماددەی شەش:**

دەبێت لەگەڵ وەرگرتنی شکایەتەکەدا، دەستبەجێ پۆلیس بەم شێوەیەی خوارەوە دەست بە لێکۆڵینەوە بکات:

1 ـ گوێگرتنو قسه وەرگرتن له شاهیدەکان. پێویسته گەورەو منداڵ هەریەکە، به جیا له شوێنێکی ئارامدا گوێیان لێبگیرێت، تاوەکو بتوانن بەوپەری ئازادییەوە قسه بکەن.

2 ـ مەحزەر سەبارەت به روداوەکەو، قسەی شاهیدەکان به دوورودرێژی تۆمار بکرێتو، به پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

3 ـ ئەوکەسەی دووچاری توندوتیژی بۆتەوە، به زووترین کات بگەیەنرێته نەخۆشخانەو، له حاڵەتی پێویستدا چارەسەری بۆ بکرێت.

4 ـ ئەو کەسەی دووچاری توندوتیژی بۆتەوە به زووترین کات لەگەڵ منداڵەکانیدا بۆ شوێنێکی ئارام، یاخود یەکێك له ناوەندەکانی تایبەت به چاودێریکردنی ئەوانەی دووچاری توندوتیژی دەبنەوە بگوێزرێنەوە. بێویسته له ماوەی 24 سەعاتدا شوێنی ئارامیان بۆ دابین بکرێت.

5 ـ دەزگای پولیس پارێزگاری ئەو کەسه دەکات که شکایەتەکەی کردووەو، ژیانی دەپارێزێت.

6 ـ تاوانبار له ماڵ دوور دەخرێتەوەو، ئەگەر بێویستی کرد دەستگیر دەکرێت.

7 ـ تاوانبار له دەزگای پۆلیسدا بەلێننامەیەك مۆر دەکات، که به هیچ شێوەیك رێگا له قوربانییەکه یان شاهیدو سکاڵاکەر نەگرێتو، هەڕەشەیان لێنەکاتو، کاری توندو تیژییان دەرهەق ئەنجام نەدات.

ماددەی حەوت:

ئەو کەسەی دووچاری توندوتیژی بۆتەوە دەتوانێت شکایەت دەربارەی رووداني توندوتیژی خێزانی له نەخۆشخانه، یاخود دەزگای پۆلیس، بێشکەش بکات.

ماددەی هەشت:

تاوانبار بۆی هەیه منداڵەکانی بەشێوەیەکی رێکوپێك، به ئاگاداری پۆلیس ببینێت، به مەرجێك هەرەشه نەبێت بۆ سەر ژیانیان.

ماددەی نۆ:

تاوانبار به هیچ شێوەیەك بۆی نییه پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسەدا بکات که دووچاری توندوتیژی بۆتەوە، ئەگەر ئەو پەیوەندییە ببێته هۆی هەرەشه بۆ سەر ژیانی قوربانییەکە. قوربانییەکه بۆی هەیه بوار نەدا به هیچ شێوەیەك تاوانبار بیبینێت.

ماددەی دە:

دادگا له ماوەی یەك مانگدا بریاری پارێزگاریکردنی ئەو کەسه دەردەکات که دووچاری توندوتیژی بۆتەوە، وەك هەنگاوێکی خێراو بەپەله بۆ پاراستنی ژیانی قوربانییەکە. لەم حاڵەتەشدا ئەم خاڵانه رچاو دەکات:

1 ـ زامنکردنی ئەوە که تاوانبار له هیچ کات وشوێنێکدا ئازاری قوربانییەکه نەدات.

2 ـ نابێت تاوانبار به هیچ بیانوویەك چەکی پێ بێت، تا کۆتایی هاتنی کێشەکە.

3 ـ نابێت تاوانبار زیانی زیاتر به زەرەرمەندەکە، یاخود کەسوکاری، یان ئەوانەی گرتوویانەته خۆ، بگەیەنێت.

4 ـ دەبێ تاوانبار ماڵەکه به هەموو کەلوبەلەکانیەوە بۆ ئەندامانی تری خێزانەکه جێبهێڵێت، تەنیا کەلوپەلی پێویستی خۆی نەبێت.

5 ـ دەبێ تاوانبار کرێی خانووەکه به بەردەوامی بدات.

6 ـ دەبێ تاوانبار پارەی چارەسەری پزیشکیو دەرونی بۆ زەرەرمەندەکه بدات.

7 ـ تاوانبار رەوانەی پسپۆری باری دەرونی دەکرێت، بۆ ئەوەی ئامادەبکرێتەوەو بتوانێت جارێکی تر به ئاسایی له کۆمەڵگەدا بژی.

ماددەی یانزە:

ئەو ژنەی که لەلایەن مێردەوە دووچاری توندوتیژی دەبێتەوە، دەتوانێ دەسبەجێ داوای جیابوونەوە بکات. دەبێ دادگای باری کەسایەتی ئەم حاڵەته بەهەند وەربگرێت.

ماددەی دوانزە:

دانیشتنەکانی "دادگای تایبەتمەند به مەسەلەکانی توندوتیژی خێزانی"، به شێوەیەکی نهێنی دەبێت، تاوەکو نهێنی هەموو لایەك بپارێزرێت.

ماددەی سیانزە:

1 ـ شەهادەتی ئەو کەسەی دووچاری توندوتیژی بووەتەوە بە تەنیا بەسەو، بەهەند وەردەگیرێت، بۆ ئەوەی مامەڵەی یاسایی لەگەڵ ڕوودانی توندوتیژی خێزانی لەسەر بکرێت.

2 ـ لیژنەی پزیشکی راپۆرتی خۆی سەبارەت بە روداوی توندوتیژیو، ئاکامە جەستەییو دەرونییەکانی حاڵەتەکە، دەنووسێو، لە دادگادا بە هەند وەردەگیرێت.

ماددەی چواردە:

بریاری دادگا بە پێی قورسیو جۆری تاوان، قورس تر دەبێت. هەر تاوانێکی توندو تیژی کە ئازاری گیانی یان جنسی، یاخود چەکی تێدا بەکار هاتبێت، یان دووبارە بێتەوە، یان لە ئاکامیدا ئەوەی دووچاری توندوتیژی بووەتەوە ئەندامێکی لەشی لەدەست دابێت، بە هەلومەرجی توند دەژمێردرێتو، سزاکەی قورستر دەبێت.

ماددەی پانزە: پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ ئەوانەی دووچاری توندوتیژی دەبنەوە:

1 ـ خانەی پاراستن وچاودێریکردنی ئافرەت لە توندوتیژی، بەهاوکاری دەزگای پۆلیس، لە قۆناغی یەکەمدا، یارمەتی فریاکەوتن بەم جۆرەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

ا ـ بە خێرایی ئەگەر پێویستی کرد، قوربانییەکە ببرێتە نەخۆشخانە.

ب ـ لە ماوەی 24 کاتژمێردا شوێنی ئارامی بۆ دابین بکرێت.

ج ـ پێداویستییە سەرەکییەکانی وەك خۆراکو جلوبەرگ، بۆ خۆیو منداڵەکانی، دابین بکرێت.

د ـ یارمەتیو رێنمایی یاسایی بە خۆرایی بۆ دابین بکرێت.

2 ـ خانەی پاراستنو چاودێریکردنی ئافرەت لە قۆناغی دووەمدا، ئەم خزمەتگوزاریانە پێشکەش بەو کەسانە دەکات کە دووچاری توندوتیژی خێزانی بونەتەوە:

ا ـ دابین کردنی شوێنی نیشتەجێ بە شێوەیەکی بەردەوام.

ب ـ یارمەتیدانی بۆ دۆزینەوەی کار.

ج ـ کردنەوەی خولی تایبەت بۆیان بە مەبەستی گەڕانەوەیان بۆ ژیانی ئاسایی.

د ـ دابین کردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوکەسەی کە توانای کارکردنی نییە.

هـ ـ دابین کردنی خزمەتگوزاریو چارەسەری بزیشکیو دەروونی لە کاتی پێویستیدا.

ماددەی شازدە:

پێویستە بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، ئەم پێداویستییانەی خوارەوە دابین بکرێت:

1 ـ دانانی ژمارەیەکی تەلەفۆنی تایبەت بۆ فرایکەوتنی ئەوانەی دووچاری توندو تیژی دەبنەوە.

2 ـ دامەزراندنی ناوەندی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کەلەلایەن وەزارەتی کاروباری ئافرەتانەوە (وەزارەتی مافی مرۆڤ) سەرپەرشتی بکرێتو، نوێنەرانی وەزارەتی داد، ناوخۆ، رۆشنبیری، پەروەردە، کاروباری کۆمەڵایەتیو، ئەوقاف، بگرێتە خۆی.

3 ـ کردنەوەی چەندین ناوەندی تایبەتو نهێنی بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی دووچاری توندوتیژی خێزانی دەبنەوە.

4 ـ کردنەوەی خولی تایبەت بۆ پۆلیس بە مەبەستی ئامادە کردنیان بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتی توندوتیژی خێزانیدا.

5 ـ دامەزراندنی لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی ژن لە دەزگاکانی پۆلیسدا بۆ یارمەتی ئەوانەی دووچاری توندوتیژی خێزانی دەبنەوە.

6 ـ زیاد کردنی ژمارەی ئافرەتان لە بواری کاری پۆلیسداو، کردنەوەی بەشی تایبەت بە مەسەلەی توندوتیژی خێزانی لە ناو دەزگاکانی پۆلیسداو، پێکهاتەکەشی بە پلەی یەکەم پۆلیسی ئافرەت بێت.

7 ـ کردنەوەی خولی تایبەت بۆ پزیشكو فەرمانبەرانی بواری تەندروستی دەربارەی توندوتیژی خێزانی.

8 ـ کردنەوەی خولی تایبەت بۆ مامۆستایان‌و فەرمانبەرانی بواری پەروەردە، دەربارەی توندوتیژی خێزانی‌و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو قوتابیانەی دووچاری توندوتیژی خێزانی دەبنەوە.

9 ـ توندوتیژی خێزانی بابتێك بێت بۆ خوێندن لە کۆلیژەکانی "یاسا، پۆلیس، زانستی کۆمەڵایەتی‌و، دەروونناسیدا.

ماددەی حەڤدە:

دەبێ لە ماوەی 6 مانگدا دادگای تایبەتمەند بریاری خۆی لەسەر ئەو کێشەیەی دەخرێتە بەردەمی، بدات.

ماددەی هەژدە:

هەر کەسێك تاوانی توندوتیژی خێزانی ئەنجام بدات بە جۆرێك کە لێدانێك شوێن بەجێ نەهێڵێت، یان ئازاردانێکی دەروونی سووکی لێبێتە کایەوە، سزای (حبس) کە لە سێ مانگ زیاتر نەبێت، دەدرێت.

ماددەی نۆزدە

هەر کەسێك تاوانی توندوتیژی خێزانی ئەنجام بدات، سزای گرتن (حبس) لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت، دەدرێت، لەم حاڵەتانەدا:

ا ـ ئەگەر شوێنێ کاری توندوتیژی بە لەشی قوربانییەکەوە دیار بی، وەك ئەوەی شوێنی لێدانەکە شین بێتەوە، یان برینداربیەکەی، دیار بێت.

ب ـ ئەگەر لە ئاکامی توندوتیژییەکەدا، قوربانییەکە دووچاری نەخۆشی‌و زیانی دەروونی بێتەوە.

ماددەی بیستە

هەر کەسێك تاوانی توندوتیژی خێزانی ئەنجام بدات، سزای گرتن (حبس) لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت، دەدرێت لەم حاڵەتانەدا:

ا ـ دوباره بوونەوەی ئەو تاوانەی لە ماددەی نۆزدەدا ئاماژەی پێکراوە.

ب ـ ئەگەر لە ئاکامی توندوتیژییەکەدا، قوربانییەکە پەنای بردە بەر خۆکوشتن‌و، گیان لەدەست نەدات.

ج ـ ئەگەر لە ئاکامی کاری توندوتیژی قوربانییەکە ئێسکی بشکێت، یان بە جۆرێك پەکی بکەوێت کە بۆ ماوەی 20 رۆژ نەتوانی کاری ئاسایی خۆی ئەنجام بدات.

د ـ لە حاڵەتی بەزۆر کچ بەشوودان، بە منداڵی بەشوودان، مارەبرینی سەر بێشکە، ژن بە ژن، ژن لەجیاتی خوێن.

ماددەی بیست ویەك

1 ـ ئەگەر لە ئاکامی کاری توندوتیژی مەبەستی تاوانبار ئەوە بوو قوربانییەکە پەککەوتەو بێت، وەك لەدەستدانی ئەندامێکی لەش، شێواندنی لەش، لەدەستدانی ئەقڵ، ئەوا تاوانبار سزای سجن لە 15 ساڵ زیاتر نەبێت، دەدرێت.

2 ـ تاوانبار هەمان سزای سەرەوە دەدرێت ئەگەر لە ئاکامی کارەکەی قوربانییەکە پەنابرێتە بەر کاری خۆکوشتن‌و، لە ئاکامیدا گیان لە دەست بدات.

3 ـ ئەگەر ئاکامێکی قورس لە کاری توندوتیژیەکە بێتە کایەوە وەك لەدەستدانی ئەندامێکی لەش، شێواندنی دەموچاو، لەدەستدانی ئەقڵ، بێ ئەوەی تاوانبار مەبەستی ئەوە بووبێت، دەبێت تاوانبار سزای سجن لە 10 ساڵ زیاتر نەبێت، دەدرێت.

ماددەی بیست‌و دوو

لاقەکردنی ژن یاخود منداڵ یان ئافرەتێکی کەم ئەندام لە چوارجێوەی خێزاندا، بە پێی برگەی یەکی مادده 393ی یاسای سزادانی عێراق ژمارە 111ی ساڵی 1969 سزا دەدرێت.

ماددەی بیست‌و سێ

کوشتنی ئافرەتان بە بیانوی ناموس پاراستن بە پێی بەندی هەموارکراوی یاسای سزادانی کاربێکراو، بە پێی بریاری دەسەڵاتی تەنفیزی لە هەرێم، سزا دەدرێ.

ماددەی بیست‌وچوار

خەتەنەکردنی مێینە

1ـ خەتەنەکردنی مێینە بریتیە لە برینی بەشێك یان تەواوی بەشە دیارو هەستیارەکانی کۆئەندامی زاوزێکردن مێینە.

2ـ خەتەنەکردنی مێینە شێوازێکی توندو تیژی خێزانییەو جۆرێکە لە تاوانی شێواندنو پەکخستنی ئەندامێکی لەشی مرۆڤ.

ماددەی بیستو پێنج

1ـ ئەو کەسەی هەر جۆرێك لە جۆرەکانی تاوانی خەتەنەکردنی مێینە کە لە یاسای قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینەدا ژمارە سالّی هاتووە، ئەنجام بدات لە "دادگای تایبەتمەند بە مەسەلەکانی توندوتیژی نێو خێزان"، بە پێی یاسای قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینەدا سزادەدرێت.

ماددەی بیستو شەش

ئەو ئافرەتەی خەتەنە کراوە دەبێت بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت:

1ـ بە زووترین کات یارمەتی تەندرووستی پێشکەش بکرێت.

2ـ چارەسەری باری دەروونی بکرێت.

3ـ باسی زیان وئاکامی خەتەنەکردنەکەی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ هەر کێشەیەك لە پاشەڕۆژدا بەهۆی ئەم کارەوە دووچاری دەبێتەوە.

بەندی بیست حەوت

هەر حاڵەتێك ئەم یاسایە نەیگرێتەوە، بە پێی یاسای سزادانی عیراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969 مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

بەندی بیست هەشتەم

لیژنەیەك لە نوێنەرانی وەزارەتەکانی داد، ناوخۆ، کاروباری کۆمەڵایەتی، پەروەردە، ڕۆشنبیری، ئەوقاف، پێك دێت بۆ بە دواداچوونو جێبەجێکردنی ئەم یاسایە.

ماددەی بیست ونۆ

کار بە هیچ یاسایەك ناکرێ کە دژو پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەم یاسایەدا.

ماددەی سی:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی لە نووسراوە.

هۆکاری بریاردانی ئەم یاسایە

بە هۆی بوونی توندوتیژی دژ بە مێینە لە سنووری خێزانداو، بڵاوبونەوەی وەك دیاردەیەکی درێوی ئەوتۆ کە دەستنیشانی چارەنوسی ئافرەت بێ ڕەزامەندی خۆی دەکاتو، دەگاتە ڕادەی سوکایەتی کردن پێیو جنێودانو لێدانو، کوشتنی بە تۆمەتی پاراستنی نامووس، کۆمەڵگەی کوردستان مافی خۆیەتی کە لە ڕێگای پەرلەمانەوە ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە بێتەوە، بەمەبەستی پاراستنی مافە بنچینییەکانی مرۆڤ، لەوانەش مافی پاراستنی ژیانی ئافرەتانو، یەکسانییان لە گەڵ پیاوداو، مافی ئازادیو دابینکردنی ئاسایشو ئارامی تاکەکەسی بۆیانو پاراستنی یاساییانو نەبوونی هیچ شێوازێکی جیاکاری دژیانو، پاراستنی باری تەندروستییانو، مافی پاراستنیان لە هەموو شێوازێکی ئازارو ئەشکەنجەدانو مامەڵی نامرۆیانە.

ئەم یاسایە کە پشت بە جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤو، ئەو پەیماننامەو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیانە دەبەستێت کە مافی ژنان دەپارێزێت، ڕێگا دەگرێ لە هەر شێوازێکی توندو تیژی کە لە نێو خێزاندا دووچاری ژنان دەبێتەوەو، کۆمەڵێك هەنگاوی پراکتیکی ورێوشوێنی یاساییە بۆ دابینکردنی شوێنی ئارام بۆ ئەو ئافرەتانەی دووچاری توندوتیژی دەبنەوەو، قرەبوی مەدەنی بۆ قوربانییەکان زامن دەکاتو، چارەسەری باری تەندروستی ودەرونیان دەکاتو، ئامادەکردنیان بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی ژیانێکی مرۆییو ئاسایی مسۆگەر دەکات، هەروەها سزای ئەو تاوانبارانە دەدات کاری توندوتیژی دژ بە ژنان ئەنجام دەدەن.

لێژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان وژنان

/ 9/ 2007